# کارگەی بەرهەمهێنانی گەمژەکان

## کۆمیدیای خوێندنی باڵا

د. کامەران محەمەد

(سێ گەمژەکە)، فیلمە دڵخوازەکەی بۆلیوود، تەنها گەشتێکی چێژبەخش نیە، بەناو ژیانی سێ فێرخوازی ئەندازیاریی لە کۆلێژێکی شاهانەی هیندستاندا. بەڵکو تەنزێکی زیرەکانەیە، وێنای واقیعی چەقبەستوو و زۆرجار مەگەساتباریی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە زۆر شوێنی جیهان، بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتووەکاندا دەکات. فیلمەکە زیرەکانە و بە شێوەیەکی پێکەنیناوی، ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن سیستەمی فێرکردن لە وڵاتانی دواکەوتوودا شکستی هێناوە، بەتایبەت لە پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانی عەقڵی ڕەخنەگرانەدا، دواتر داهێنان خامۆش دەکەن و گەندەڵیی لە کۆمەڵگەدا بەدیدەهێنن.

### پێشبڕکێی نمرەکان نەک زانین:

ڕەخنەی هەرە بەرچاو لە چیرۆکی سێ گەمژەکەدا، وەسوەسەی فێربوونی زارەکی و نمرەکانە. زانکۆکانی هیندستان، وەک لە فیلمەکەدا وێنا کراوە، وەک کارگەیەک خراونەتەڕوو، کە بڕوانامە دەبەخشنەوە، نەک ناوەندێک بن بۆ پەرەپێدانی هزریی و گەشەکردنی کەسیی. لە زانکۆ دواکەوتووەکاندا فێرخوازان فێری لەبەرکردن نەک بیرکردنەوە دەکرێن! لەبری ئەوەی پرسیار و گومانیان لادروست بکرێت، ئەوا گوزارەکانیان پێ ڕەوان دەکرێت. ئامانج فێربوون نییە، بەڵکو دەرچوونە لە تاقیکردنەوەکان و دۆزینەوەی کارێکە، ئەوەش بەهەر نرخێک بووبێت. فێرخوازان وەک بەرهەمی هێڵی کۆکردنەوە وان کە بۆ جێبەجێکردنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکرێن بەبێ ئەوەی هیچ بیرێک لەخەم و خەون و سۆز و حەزی تاکەکەسی بکرێتەوە.

ئەم ڕەوشە ڕەنگدانەوەی ڕاستیی زۆرێک لە سیستەمەکانی فێرکردن و خوێندنی باڵان، کە دامەزراوەکان میتۆدی دواکوتووانە جێبەجێ دەکەن، بەشێوەیەک کە هیچ بوارێک بۆ داهێنان ناهێڵنەوە. ئەمە لەکاتێکدا دەبێت زانکۆکان ژینگە و لانکەی پەروەردەکردنی هزر و ئەزموونە نوێیەکان بن. بەڵام لەو سیستەمەدا کە (سێ گەمژەکە) ڕەخنەی لێدەگیرن، بەوپەڕی تەسکییەوە پێناسەی سەرکەوتن دەکرێت و تەنها لە نمرەی تاقیکردنەوەکان و هەلی کاردا کورت دەکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی ژینگەیەکی خنکێنەر بۆ هەر فێرخوازێک کە خاوەنی خۆی و عەقڵێکی جیامەند بێت.

باری فەرحان، یەکێک لە سێ پاڵەوانەکە وەربگرە، کە خەون بەوەوە دەبینێت ببێتە فۆتۆگرافەری گیانلەبەرە کێوییەکان، بەڵام بەهۆی فشاری خێزانی و کۆمەڵایەتییەوە ناچارە ئەندازیاریی بخوێنێت. لەم جیهانەدا کە زانکۆکان تەنها کارگەی دروستکردنی بڕوانامەن، ئارەزوو و داهێنەری تاکەکەسی بێبەزەییانە سەرکوت دەکرێن. سیستەمەکە دەرچووانی ڕاهێنراو بەڵام بێهیوا بەرهەم دەهێنێت، کە ڕەنگە لە تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتوو بن، بەڵام شەیدای داهێنان نابن، کە ئامانجی هەموو فێرکردنێکی ڕاستەقینەیە.

## پرۆفیسۆرەکان: وەک نەیاری پرس و گومان

لایەنێکی دیکەی فیلمەکە کە بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕیی و لە هەمان کاتدا ڕەخنەگرانەیە، وێناکردنی پرۆفیسۆرەکانە، بەڵام وەک دەسەڵاتێک کە هەرگیز گومان قبوڵ ناکەن! ئەوش شکستهێنانی پەروەردەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەنوێنێت. کارەکتەری بەناوبانگی ڤیرو سەهاسترابوددە وەربگرە، کە نازناوی "ڤایرۆس"ی پێدراوە، کە سەرۆکی دامەزراوەکەیە لە فیلمەکەدا. ئەو هێمای سیستەمێکی پەروەردەیی دۆگما و بەسەرچووە، کە لەبەرکردن و وتنەوە و گوێڕایەڵی پێش داهێنان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەخات. پرۆفیسۆرەکانی وەک ڤایرۆس پاسەوانی سیستەمەکەن، ئەوان لەو باوەڕەدان کە ڕێگاکەیان تاکە ڕێگایە. بۆیە بیرۆکەی گومانکردن، ئاڵنگاریکردنیان، یان ڕەخنەگرتنیان، کارێکە و لێخۆشبوونی نیە.

ئەمە ڕەنگدانەوەی بەرچاوی سیناریۆکانی جیهانی ڕاستەقینەیە لە زۆرێک لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا، کە پلەبەندییە ئەکادیمییەکان و پابەندبوونی تون بە نەریتەکانەوە، فێرخوازان لە بەشداریکردنی ڕەخنەگرانە لەگەڵ خوێندنەکانیان بێهیوا دەکەن. بۆیە جوڵەی مامۆستا – خوێندکار دەبێتە ڕێگەیەکی یەک ئاڕاستە، کە فێرخوازان تەنها وەرگری پاسیڤی زانستن، نەک بەشداربووی چالاک لە گەشەپێدانی فیکری خۆیاندا.

کاریگەرییەکانی سیستەمێکی پەروەردەیی لەم شێوەیە دوور مەودان. واتە دەرچووانی ئەم زانکۆ دواکەوتووانە، بەبێ ئامادەکاریی بۆ ئاڵنگارییەکانی جیهانی ڕاستەقینە دەچنە ناو بازاڕی کارەوە، بۆیە ناتوانن بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیان هەبێت، یان خۆیان لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکاندا بگونجێنن. لەوەش خراپتر، هەڵوێستی گوێڕایەڵیی و یەکسانیی لەگەڵ خۆیان دەهێنن، کە دەتوانێت داهێنان لە هەموو کەرتێکدا کە دەچنە ناویەوە، بخنکێنێت.

## زانکۆ: وەک زەمینەییەکی بەپیتی گەندەڵی:

دواتر دزێوترین واقیع هەیە، کە فیلمەکە تیشکی دەخاتە سەر: کاتێک فێرکردن بۆ پێشبڕکێی سەرکەوتن دەگۆڕێت، بە ناچاری گەندەڵی بەدوای خۆیدا دێنێت. لە سێ گەمژەکەدا دەبینین کە چۆن هەڵپە بۆ سەرکەوتن – بە هەر نرخێک بێت – دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ڕەفتاری بێڕەوشتی، لە قۆپیکردن لە تاقیکردنەوەکانەوە تا ساختەکردنی بڕوانامەکان. ئەمەش ڕەنگدانەوەی واقیعی تاریکی زۆرێک لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵان، کە زۆرجار هەڵپەکردن بۆ نمرەکان و ڕیزبەندییەکان، دەبێتە هۆی ساختەکاری و دەستکاریکردن و نواندنە بێڕەوشتییەکان. ئەگەر زانکۆکان لە فێرکردنی ئاکار و پاکێتی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا شکستیان هێنا، ئەوا دەبنە زەمینەیەکی بەپیت بۆ بەرهەمێنانی گەندەڵی.

لە کاتێکدا زانکۆ دواکەوتووەکان دەرچووانی بە دەستکەوتە ڕووکەشییەکان سەرمەست دەکات، ئەوا پشکداریی لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی گەندەڵدا دەکەن، کە ڕوکەش بەسەر ناوەرۆکدا زاڵە. لەم جۆرە سیستەمەدا فێرخوازان بەتەنها شکست ناهێنن؛ بەڵکو تەواوی کۆمەڵگە بەرەو دارزان دەچێت. واتە سیستەمەکە کەلتوورێک دروست دەکات، کە مرۆڤەکان نەک لە ڕێگەی شایستەیی یان لێهاتووییەوە، بەڵکو لە ڕێگەی یاریکردن و ساختەکاریی و فێڵ و ڕێگە کورتەکانەوە دەچنە پێشەوە. پێشکەوتنی هەر وڵاتێک کاتێک لە جوڵە دەکەوێت، کە زیرەکترین عەقڵەکانی تەنها لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان ڕادەهێنرێن، بەبێ ئەوەی ببەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر لە دەرئەنجامی کردەوەکانیان بکەنەوە.

## کۆمیدیا و ئاشکراکردنی مەرگەساتەکان:

فیلمی سێ گەمژەکە دەستکەوتێکی نایاب بە تێکەڵکردنی نوکتە لەگەڵ ڕەخنەی توندا پێشکەش دەکات. دەمانخاتە پێکەنین، بەڵێ، هاوکات واشمان لێدەکات ئازاربچێژین، چونکە پەی بە ڕاستییەکانی پشت کۆمیدیاکەوە دەبەین. پێکەنینەکە ئەو کەوچکە هەنگوینەیە کە یارمەتی هەرسکردنی دەرمانی تاڵی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەدات. فیلمەکە ناتەواوییەکانی سیستەمی خوێندنی باڵا ئاشکرا دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی قبوڵکراو و چێژبەخش و سەرنجڕاکێش.

بۆ نموونە یەکێک لەو دیمەنانەی کە لە فیلمەکەدا ناتوانرێت لەبیربکرێت، ئەوەیە کە ڕانچۆ (پاڵەوانی فیلمەکە) کە بە زمانێکی سادە دەیەوێت بیرۆکەکان بگەیەنێت، تا بە ئاسانی لێی تێبگەن، بەڵام فێرخوازێکی دیکە بەبێ ئەوەی لە یەک وشە تێبگات، وتارەکەی لەبەرکردووە و دواتریش هەر هەمان خوێندکار ئەو شەرمەزارییە ئاشکرا دەکات لەبەردەم سەرۆکی زانکۆ و وەزیری خوێندنی باڵادا. ڕاستە دیمەنێکی پێکەنیناوییە، بەڵام جەخت

لەسەر کێشەیەکی جددی دەکاتەوە: کاتێک فێرکردن دەبێتە مەشقی لەبەرکردنی مەلزەمەکان، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەموو واتایەکی لەدەست دەدات.

هەمان بنەما بۆ هەڵوێستە ڕاستەقینەکانی ژیانیش دەگونجێت، زۆرجار فێرخوازان فێری ئەوە دەکرێن، کە زانیارییەکان کۆبکەنەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی لێی تێبگەن یان پرسیاری لەسەر دروست بکەن. ئەنجامەکەی سیستەمێکی فێرکردنە کە دەرچووانێک بەرهەم دەهێنێت، کە ڕەنگە سیڤییەکی سەرنجڕاکێشیان هەبێت، بەڵام بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و توانای چارەسەرکردنی کێشەیان نییە، کە بۆ بەشداریکردنێکی واتادار لە کۆمەڵگەدا پێویسن.

**چارەسەر:**

چارەسەرەکە، وەک فیلمی سێ گەمژەکە پێشنیاری دەکات، ئەوەیە کە سەرنجمان لە نمرەکان و ڕیزبەندیی و لەبەرکردن دوور بخەینەوە و ڕوو لە بەهێزکردنی داهێنان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و خۆشەویستنی فێربوون بکەین. زانکۆکان دەبێ شوێنێک بن، هەتا هزرەکان تێیدا تاقیبکرێنەوە و ئاڵنگارییان بکرێت و بەچڕی گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، نەک تێیدا وێکچوون و گوێڕایەڵی بچەسپێنرێت.

زانکۆ دواکەوتووەکان، وەک لە فیلمەکەدا وێنا کراوە، ڕەنگدانەوەی پرسە گەورەکانی کۆمەڵگان، کە تێدا وەک ئامرازێک تەماشای فێرکردن دەکرێت بۆ ئامانجێک، بەڵام نەک ئامانجێک لەخودی خۆیدا. ئاڵنگارییەکە لەوەدا پوخت دەبێتەوە کە چاکسازی لەم دامەزراوانەدا بکرێت، بەجۆرێک کە پەروەردەی ئەو کەسانە بکرێت، کە توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆ و داهێنانی ڕاستەقینەیان هەبێت. تەنها ئەو کاتە زانکۆکان دەتوانن ببنە زەمینەی ڕاستەقینەی پێشکەوتن، نەک زەمینەی پەروەردەکردنی گەندەڵی.

لە کۆتاییدا وانەی فلیمی سێ گەمژەکە ڕوونە: دەبێت بیر لە پەروەردە و خوێندنی باڵا بکەینەوە، نەک وەک کارگەیەک بۆ بەرهەمێنانی بڕوانامە، بەڵکو وەک وۆرک شۆپێک بۆ بەگەڕخستنی ئەقڵەکان. تەنها ئەو کاتە دەتوانین کۆمەڵگایەک دروست بکەین، کە جەوهەر بەسەر ڕوکەشدا و داهێنان بەسەر گوێڕایەڵیدا زاڵ بکەین.

(٢٠٢٤-٨-١٨)